پۆلیسی سلێمانی بکوژی کارمەندێکی فریاکەوتنی خێرا دەستگیر دەکات

شەوی رابردو بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کەسێک کارمەندێکی فریاکەوتنی خێرای لە گەڕەکێکی سەرچناری شاری سلێمانی کوشت، ئەمڕۆ پۆلیس دەستگیرکردنەکەی راگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئاشکرایکرد کە بە تۆمەتی کوشتنی هاوڵاتییەک، لەلایەن بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانییەوە تۆمەتبارێك دەستگیرکراوە.

ئەوەی خستوەتەڕوو کە تۆمەتبارەکە دوای ئەوەی تاوانەکەی ئەنجامداوە و هاوڵاتییەکەی بە فیشەک کوشتوە لە شوێنی تاوانەکە هەڵاتوە و هەر دوای روداوەکەش پۆلیس گەیشتوتە شوێنەکە و لێکۆڵینەوەکانیان دەستپێکردوە.

پۆلیس دەڵێت: دوای کەمتر لە هەشت کاتژمێر لەلایەن بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانییەوە تۆمەتبار دۆزراوەتەوە و دەستگیر کراوە و لەئێستادا راگیراوە و دانی ناوە بە تاوانەکەیدا.